# داکۆکیکردن و یاسا ژینگەییەکان بۆ پارێزەرانی ئاوی عێراق

لایەنی جێبەجێکار | هاوبەش | ئەم پرۆژەیە پشتگیری دارایی کراوە لە لایەن یەکیەتی ئەورووپاوە



## دوو خولی پرۆژەی داکۆکیکردن و یاسا ژینگەییەکان لە شاری سلێمانی و هەولێر تایبەت بە ( پرنسیپەکانی پەروەردە و کاریگەرییان لەسەر بەرەوپێش بردنی دۆخی ژینگە )

پرۆژەی داکۆکیکردن و یاسا ژینگەییەکان هەستان بە ئەنجامدانی دوو خولی تایبەت لە ژێر ناوی (پرنسیپەکانی پەروەردە و کاریگەرییان لەسەر بەرەوپێش بردنی دۆخی ژینگە) بۆ دوو گرووپی جیاواز لە مامۆستایانی خوێندنگە سەرەتاییەکانی هەرێمی کوردستان لە هەردوو شاری سلێمانی (هۆڵی ئوتێل ئەبوسەنا) و شاری هەولێر (هۆڵی ئوتێل تانگرام) لە بەرواری ٢٣تا ٢٨ی ئاب ٢٠١٧ بەردەوام بوو، کە لە کۆی هەردوو خولەکە ٣٤ مامۆستا تیایدا بەشدار بوون.






ڕۆژی یەکەمی خولەکان باس کردن بوو لەم بابەتانە (کاریگەری ئاو و ئاوەڕۆ لەسەر ژیانی مرۆڤ، سودەکانی درەخت لەسەر هاوسەنگی ژینگە، زانستی دەروونناسی ژینگەیی، ڕێبەری یاسا ژینگەییەکان لە هەرێمی کوردستان و کاریگەرییەکانی ئوتومبێل لەسەر ژینگە) لەگەڵ چەندین کاری گروپ ۆرك لە ڕێگەی بەشداری پێکردنی بەشداربووەکان کە لە لایەن ڕاهێنەری بەتوانا ئەندازیاری شارستانی (وریا نوری خەفاف)ەوە پێشکەش کرا.

ڕۆژی دووەمی هەردوو خولەکە لە لایەن ڕاهێنەری بەتوانا بەڕێز (ئاکۆ عبدالمجید سعید- بەڕێوەبەری فێرکردنی پیشەیی لە ب.گ.پەروەردەی سلێمانی) پێشکەش کرا کە تایبەت بوو بە چەندین بابەت کە گرنگترینیان بریتی بوو لە (ڕەفتار، خوو و تایبەتمەندییەکانیان، بنەماکانی گۆڕینی ڕەفتار و ستراتیجەکانی قەناعەت پێکردن) لەگەڵ ئەنجامدانی چەندین چالاکی جۆراوجۆری ژینگەیی پەروەردەیی و دروست کردنی چەندین گروپ و وتووێژ کردن لەسەر چەندین بابەت لە لایەن هەموو بەشداربووەکانەوە وە هەروەها فێرخوازەکان ئاشنا کران بە شێوازە جیاجیاکانی قەناعەت پێکردنی تاك بۆ باشترکردنی دۆخی ژینگەی هەرێمی کوردستان.

هەر لە ڕۆژی دووەم و کۆتایی هەردوو خولەکە، بڕوانامە بەخشرا بەسەر بەشداربووان و دەرفەت درا پێیان کە باس لە هەردوو ڕۆژی خولەکە بکەن و ئەو زانست و تەکنیکە تازانەی کە لە خولەکەوە فێربوون وەهەروە هەڵسەنگاندنی ئەوان لەسەر خولەکە بەشێوەیەکی گشتی زۆر باش بوو هەرچەندە هیوایان خواست کە ماوەی خولەکە درێژتر بکرێتەوە تا بتوانن زانیاری زیاتر وەربگرن و بتوانن ڕۆڵی بەرچاویان هەبێت لە بەکارهێنانەوەی تەکنیك و شێوازەکانی فێرکردن و ناساندن و شیکردنەوەی ژینگە بۆ خوێندکارەکانی خوێندنگەکانیان. ئامانجی پرۆژەی داکۆکیکردن لە کردنەوەی ئەم دوو خولە، بەرزکردنەوەی ئاست و توانای مامۆستایانی خوێندنگە سەرەتاییەکانە پاشانیش دروست کردنی پەیوەندییەکی بەردەوامە لەنێوان پرۆژەی داکۆکیکردن و مامۆستا بەشداربووەکانەوە وە هەروەها بەدواداچوون و سەردانکردنی خوێندنگەکانیان لەلایەن پرۆژەی داکۆکیکردنەوە و پێدانی چەند نامیلکەیەك و دەفتەر وێنەی هاوڕێی ژینگە بۆ خوێندکارەکانی مامۆستا بەشداربووەکانی خولەکە و لە نزیکەوە بینینی کاریگەرییەکانی خولەکە لەسەر مامۆستا بەشداربووەکان و چۆنێتی باس کردنی ژینگە و قەناعەت پێکردنی خوێندکارەکانیان لەوەی کە ژینگە پێویستە بە پاکی ڕابگیرێت لەگەڵ ئەوەی پیسکردنی کارێکی نامرۆڤانەیە و دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە تەندروستی جگە لە زیانە ئابورییەکەی.










داکۆکیکردن ویاسا ژینگەییەکان بۆ پارێزەرانی ئاوی عێراق

لایەنی جێبەجێکار | هاوبەش | ئەم پرۆژەیە پشتگیری دارایی کراوە لە لایەن یەکیەتی ئەورووپاوە

سەرپەرشتی هەواڵنامە: دیاری محمد رشید / پرۆژەی داکۆکیکردن
www.natureiraq.org

## ئەرکی گەشتیار پاراستنی ژینگەی ناوچە گەشتیاریەکانە

هەر وەک دەزانین هەرێمی کوردستان جێگەیەکی تایبەتمەند و دڵڕفێنی هەیە بۆ گەشت و گوزارو بەسەربردنی کاتێکی ئارام و بەختەوەر تێدا بەهۆی بوونی ناوچەی شاخاوی وکانیاو ڕووبارو تاڤگەو دارودرەختی و سەوزایی و هەروەها بوونی هۆکارەکانی حەوانەوە هەر هۆتێل و چێشتخانە و خانووی گەشتیاری مۆدێرن ،هەموو ئەو فاکتەرانە وایکردووە ساڵ لەدوای ساڵ ڕێژەیی هاتنی گەشتیار ڕوو لە زیادبوون بکات و نەک تەنیا لە باشورو ناوەڕاستی عێراق بەڵکو لە وڵاتانی دراوسێ و دەرەوە کە ئەمانە بونەتە سەرچاوەی داهات و قازانجێکی باشی لایەنی ئابوری هەم بۆ خەڵکی ناوچەکەو بۆ حکومەت هەربۆیە گرنگە لایەنە پەیوەندارەکانی تایبەت بە ژینگەو دەستەی گەشت و گوزار زیاتر پەرە بەو ناچانە بدەن و خزمەت و نۆژەنکردنەوەی بەردەوامی بۆ بکەن، بەڵام ئەوەی پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکەین، پیسکردنی زۆربەی شوێنە گەشتیاریەکانە لەلایەن ئەو گەشتیارانەی کە سەردانی دەکەن هەر لە فڕێدانی پاشماوەی خواردن و زبڵ ودەبەی و نایلۆنی پلاستیکی و شکاندنی دارودەرخت و بەجێهشتنی خەڵوز وئاگر کە زۆرجاران کارەساتی ئاگرکەوتنەوەی لێدەکەوێتەوە و چەندین دۆنم پوش وپاوان دەسوتێ، هەربۆیە پێویستە دەستەی گەشت وگوزار بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی پاراستن و چاکردنی ژینگە کۆمەڵێک چاودێری ژینگە پارێز دابنێن لەو شوێنانەی کەوا ڕێژەیەکی زۆر گەشتیار ڕووی تێ دەکەن ئەرکییان ئەوە بێت ڕێنمایی گەشتیاران بکەن لە پاراستن و پاکڕاگرتنی ژینگەی ناوچەکە هەروەها لە خاڵەکانی پشکنینش پۆستەری تایبەت بە ڕێنمایی پاراستنی ژینگە دابەش بکرێت و لایەنی کەم هەر خێزانێک پۆستەرێکی پێبدەن تا بتوانرێت ژینگە جوانەکەی کوردستان لە پیسبوون و ناشرینکردن بپارێزرێت.



**ڕەزوان عەبدولقادر**
سەرۆکی ڕێکخراوی شاوێر بۆ هۆشیاری ژینگە

## سەردانی مەیدانی بۆ شاری فلۆرێنس لە ئیتاڵیـا

لە درێژەی چالاکییەکانی پرۆژەی داکۆکیکردن، بە هاوبەشی لەگەڵ (دەزگای مافەکانی ئاو لە ئیتاڵیا) سەردانێکی مەیدانی ٣ڕۆژی بۆ شاری فلۆرێنس لە ئیتاڵیا ئەنجام درا، تیمی پرۆژەی داکۆکیکردن پێك هاتبوون لە شیلان عزیز (بەڕێوەبەری پرۆژە)، ئاراز حمەرەش (بەڕێوەبەری دارایی)، دیاری محمد رشید (ڕێکخەری پرۆژە) و ڕاژان ئاسۆ (یاریدەدەری یاسایی). ڕۆژی یەکەم تایبەت بوو بە بینینی وێستگەی ئەنکۆنێلا کە گەورەترین وێستگەی پاکژکردنەوەی ئاوە لە شاری فلۆرێنس هەروەها بینینی گشت بەشەکانی وێستگەکە بە شێوازی تیۆری و پراکتیکی پاشانیش ناردن و بڵاوکردنەوەی ئاوە پاکژکراوەکە بۆ ناو شاری فلۆرێنس. هەر لە هەمان ڕۆژدا تیمی پرۆژەکە سەردانی چەند بەرپرسێکی ئەو شارەیان کرد کە بریتی بوون لە کاترینا بیتی (سەرۆکی ئەنجومەنی شاری فلۆرێنس) و سۆنیا پێرینی (سەرۆکی لیژنەی ئاشتی لە شارەوانی فلۆرێنس) بۆ باس کردن لە کار و چالاکییەکانی پرۆگرامی داکۆکیکردن و یاسا ژینگەییەکانی یەکیەتی ئەورووپا لە ماوەی ڕابردوودا، هەر لە میانی کۆبونەوەکەدا باس لە ڕۆڵ و گرنگی یەکیەتی ئەورووپا کرا لە پاراستنی ژینگەی عێراق و کوردستان وە پشتگیری یەکانیان بەرز نرخێندران، جێی باسە ئەوانیش وەکو خاوەن بڕیار لە حکومەتی ئیتاڵیا پشتگیری خۆیان بۆ پرۆژەی داکۆکیکردن، ڕێکخراوی سروشتی عێراق و ژینگەی هەرێم دووپات کردەوە و بەڵێنیان دا هەرچی لە توانایاندا بێت درێغی نەکەن. ڕۆژی دووەمی گەشتەکە بینینی بەنداوی بێلەنچینۆ بوو کە گەورەترین بەنداوە لە شاری فلۆرێنس لەگەڵ بینینی تەواوی بەشەکانی و شێوازی کارپێکردنی بەنداوەکە. ڕۆژی سێهەمیش تایبەت بوو بە کۆبونەوەی دەستەی بەڕێوەبردنی پرۆژەی داکۆکیکردن و دەزگای مافەکانی ئاوی ئیتاڵی کە هاوبەشی پرۆژەکەن بۆ چەند پێشهاتێکی دارایی تایبەت بە پرۆژەی داکۆکیکردن. ئامانج لە سەردانەکە کۆکردنەوەی زانیاری زانستی بوو لەسەر چەند سەرچاوەیەکی ئاوی شاری فلۆرێنس، گۆڕینەوەی زانیاری و گفتوگۆکردن لەسەر بابەتی دارایی پرۆژەی داکۆکیکردن لەگەڵ دەزگاری مافەکانی ئاو لە ئیتاڵیا.





*بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پرۆژەکە:* www.Kr.natureiraq.org > پرۆژەکان > پرۆژەی داکۆکیکردن و یاسا ژینگەییەکان



سەردانی مەیدانی لە ١١-٩-٢٠١٧ بۆ سەرچاوە ئاوییەکانی هەرێمی کوردستان



شوێن: قەرەداغ



ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە پرۆسەی ڕیفراندۆمدا ١٤-٩-٢٠١٧



شوێن: هۆڵی فەرمانگەی ڕێکخراوەکان



سەردانی بەنداوی بێلەنچینۆ لە شاری فلۆرێنس لە ئیتاڵیا ١٠-١٠-٢٠١٧

